# کۆچبەری نایاسایی 'ماتاروا'

بێرنارد کیرینی
**لە فەڕەنسییەوە: فازڵ مەحموود وەلی**



٢ی تشرینی دووەم، ٢٠٢١ چیرۆک

ئەو بەیانییەی لە خەو هەستام، لەسەر جۆرە نوێنێکی سەربازیی، لەنێو زیندانێکی پەڕپووتدا ڕاکشابووم. سەرم بە شێوەیەکی زۆر ترسناک ئازاری هەبوو، چمان ئێوارەی ڕۆژی پێشوو زۆرم خواردبێتەوە، نایشزانم چۆن گەیشتوومەتە ئەوێ. لە چواردەوری خۆم ڕوانی، ژوورەکە تەنیا لە ڕێی پەنجەرەی سەرەوە، کە بە دەلاقە دەچوو، ڕووناک بوو. بە لەرزەلەرز هەستامەوە و لە ڕێی شووشەکەوە تەماشایەکم کرد: بە گێژ و مەنگییەوە

دەریایەکی شینی سەرنجڕاکێشم بەدی کرد. چیم دەکرد لەسەر ئەم پاپۆڕە؟ زلەیەکم سرەواندە خۆم تا دڵنیابم نەخەوتووم. ترس دایگرتبووم، چەند لەقەیەکم بە دەرگاکە کێشا و هەوڵی کردنەوەیم دا. بە داخەوە دەرگاکە داخرابوو. کێ منی بۆ ئێرە هێنابوو؟ بۆچی؟ ئایا هەوڵیان دابوو زیندانیم بکەن؟ ئەمە پڕوپووچ و بێمانا بوو. لەقەیەکی بەهێزم لە دەرگەکە کوتا و قیڕاندم؛ یارمەتیم بدەن. دەبوو هاتوهاوارەکەم کەسێکی ئاگادار کردبێتەوە، چونکە کلیلێک بەنێو کێلۆنەکەدا سووڕا. دەرگاکە بە جیڕوهووڕێکی زۆر کرایەوە، لەپڕ کەوتمە سەر پیاوێکی گەنجی حەپەساودا، کە پێدەچوو منی وەک تارماییەک ببینێ. گەر ئەمە پاسەوانم بووبێت، ئەوا منیان زۆر بێدەسەڵات هاتووەتە پێش چاو. لێم پرسی من چی دەکەم لێرە، وەک ئەوەی هەرگیز زمانی ئەڵمانی نەبیستبێت، پرسیارەکەم بە ئینگلیزی دووپات کردەوە، هیچ سوودێکی نەبوو. بە زمانێکی سابیر[١]یی شەقوشڕ وەڵامی دامەوە، پاشان لە ئەنجامی ئەم تێنگەیشتنە دوولایەنەوە، بە ئاماژەیەک داوای لێکردم دوای کەوم. وام کرد، سووڕانەوە لە ڕێڕەوی ئەم پاپۆڕە نهێنیئامێزە، ئێمەی دەگەیاندە چەند گەنجێکی تر کرد کە هەموویان بە جۆرە نیگایەکی توندی سەرسووڕماوەوە لێمیان دەڕوانی. هەستم دەکرد دیاردەیەکی سارد و سڕم، کەسێک کە بەشی خۆی نەفرەتهێن بێت. پاش سەرکەوتن بە دوو پلیکانەی زۆر بەرتەسکدا، گەیشتینە خاڵێک. ڕێبەرەکەم چەند هاوڕێیەکی خۆی دیت، کە لە ژوورێکی دارینی کەشتییەکە گردبوونەوەیەکی بچووکیان ساز دابوو. لە کاتێکدا بە وریاییەوە گوێم هەڵخستبوو، هەستم کرد زمانی یۆنانیم ناسییەوە. هەمووان زاق زاقێ لێمیان دەنواڕی، وەک ئەوەی هەرگیز لە تەمەنیاندا ڕیشنێکیان نەدیبێ.

- کەس دەتوانێت پێم بڵێ من چییەکەم لێرە؟

گەنجێکی وردیلانەی سەرکەچەڵ وا دەرکەوت لە پرسیارەکەم تێگەیشت و هاتە پێشێ. بە ئەڵمانیی ڕێک، بەڵام بە لەهجەیەکی زۆر چەوت، ئەوەی بۆ ڕوونکردمەوە کە ئێمە بەرەو ئیتاڵیا سەفەر دەکەین. ڕۆژی پێشتر لەنگەرگەی پیرێ [لەنگەرگەیەکە لە یۆنان]مان جێهشتبوو لە ٢٢ی دێسەمبەر. لەرزم تێگەڕابوو: من ئێوارەیەکی بەهار لە ماڵەکەی خۆم لە لەندەن خەوتبووم، ڕۆژی دواتر بەیانییەکەی خۆم لە ناوچەی دەریای ناوەڕاست لەگەڵ یۆنانییەکان بینیبوو کە خەریکبوون جەژنی سەریساڵیان دەگێڕا. ئەم شتە پووچ و مەحاڵ بوو. مۆتەکە بوو یان پیلان. ڕەنگە نمایشێک بووبێت کە لە

---

[١] Sabir زمانێکی ئاڵۆزی کەسانی نزیک دەریای ناوەڕاستە کە تێکەڵە لە عەرەبی و فەرەنسی و ئیسپانی و ئیتاڵی.

لایەن ئەم قۆشمە پیرە، فریدریک، ڕێکخرا بووبێت. کاتێک ویستم شووناسی ئەو بزانم، کەچەڵەکە دڵنیای کردمەوە کە خوێندکار بووە و بۆ تەواوکردنی نووسینی تێزەکەی لە پاریس بووە، بەشێک لە هاوڕێکانیشی هەروەها. تێزێکی فەلسەفی. منیش بە گەنجێتی فەلسەفەم زۆر لا سەرنجڕاکێش بوو، هەر بۆیە بەوم وت کە منیش چەند پەڕتووکێکم نووسیووە.

ـ پرسیاری ئەوەی لێ کردم ناوم چییە؟

ـ مارکس.

ـ ببوورە؟

ـ مارکس. کارڵ مارکس.

سەیرێکی یەکیان کرد و پاشان لە قاقای پێکەنینیان دا. بینینی ئەم شادییەیان چێژبەخش بوو، بەڵام من لە هۆکاری ئەم پاڵنەرە [پاڵنەری پێکەنین] تێنەگەیشتم. ناوەکەم هیچ مایەی پێکەنین و لاقرتی نەبوو و ئەم کاردانەوەیەیان سووکایەتی بوو. پاش ئەوەی بێدەنگ بوون، خۆیان ناساند.

ـ تۆ کارڵ مارکسی، زۆر باشە. منیش ناوم لینینە، ئەمەش گرامێشییە. ئەم ژنە گەنجەش ناوی ڕۆزا لۆگزامبۆرگە، ئەم گەنجە لیۆن ترۆتسکییە. ئەوەی ئەو سەرەش ڕۆدۆلف هیفلردینگە.

ـ ئەڵمانییە؟

کەچەڵەکە زڵت تێمی ڕوانی، دیسان پێکەنینێکی شێتانەی جڵەونەکراو سەری لێ دا. ئەو پیرە هەموویان بە خۆشحاڵییەوە لە گەڵی دەتریقانەوە. ئایا کەوتبوومە نێو جۆرە گۆشەگیرییەکی شەپۆلاویی؟ ئەو ناوانەی بە منیان دا هیچیان لە یۆنانی نەدەچوون، نەختێ تێگەیشتم ئەوان خەریکن لاقرتیم پێ دەکەن. لە سەردەمی دمۆکریتۆسەوە ئاستی ئاکار بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا لە ئەسینا دابەزیوە. هەر بۆیە یەکێ لەنێو ئەواندا بە ئینگلیزی پرسیارم لێ دەکات، چیم کردووە تاوەکوو لەو بچم.

ـ لێکچوون لەگەڵ کێ؟

ـ ئینجا خۆ من پێم وتن من کارڵ مارکسم!

شیرەبزەیەکی بۆ کردم، وەک چۆن بۆ منالێکی بکەن، پاشان دەنگێکی نزمی تەواو گاڵتەجاڕانەی لەخۆ گرت.

ـ تۆ کارڵ مارکسی؟ ئەمە زۆر ناوازەیە! واماندەزانی شەست ساڵە لە گۆڕستانی هایگیت لە لەندەن نێژراوی!

ئەمە لە لایەن لایەنگرانەوە یەکلا بووەتەوە. لای خۆمەوە ئەم بارودۆخە زۆر بە گاڵتەجاڕ نابینم. بەرەبەرە حەزم بەوە دەکرد لەسەر کەشتییەکە هەنگاو هەڵێنم.

– گوێ بگرە، من نازانم  لێرە چی دەکەم و هیچ خولیای چوون بۆ ئیتاڵیاشم نییە. گەر ئەمە گاڵتەش بووبێت، ئیتر تامی تیا نەما. دووپاتی دەکەمەوە بۆتان کە من کارڵ مارکسم، گەر ئەمە بشتانخاتە پێکەنین یان نا.
ئەوان لە قاقای پێکەنینیان دابوو و ویستیان بزانن کاتی نووسینی سەرمایە من لەکوێ بووم. سەرم لەوە سوورمابوو کە ئەوان ئاگاداری ئیشەکانم بوون و بە شێوەیەک دوور لە بەخۆنازین پێیانم ڕاگەیاند کە ڕەشنووسی بەرگی سێیەمی کتێبەکە لە دەستپێکردندایە. ئەم بابەتەیان لا سرنجڕاکێش بوو، منیش بە خێرایی کورتەیەکم لەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکە و دوایین تێڕامانەکان دەربارەی بەهای هەموو بارودۆخەکان و پلانی گشتیی دەقەکە بۆ باسکردن. بێدەنگییەکی سەیر باڵی بەسەر کۆبوونەوەکەدا کێشا...
گەنجە کەچەڵەکە بە باوەڕەوە وتی: "سوێند دەخوێن ئەوەی دەبیستریێ ڕاستە".
کەواتە ئەم کەسە کێیە؟
یۆنانییەکان بە هەموو لایەکی کەشتییەکەدا هرووژمیان هێنا، کۆمەڵەیەکی کەم لە چواردەورم بازنەیان بەستبوو. کەوتبوومە بەر گوشاری پرسیاری هەمووان و بە وەڵامەکانم سەرنجم ڕاکێشابوون، وەک ئەوەی منالێکی بەهرەدار بم.
ـ گەنجێک، کە سەکسووکەیەکی ڕەشی هەبوو؛ وتی، سەمەرەیە، نەک هەر تۆ وەک برایەکی جمکە لەو دەچی،  بگرە ناوی بەرهەمەکانیشیت وەک ناوی خۆت لەبەرە.
زۆرم بۆ خۆم نەهێنا تا دیسان بۆی دووپات بکەمەوە من کارڵ مارکسم. بەم چەشنە بۆ ماوەی چەند خولەکێک سەرسوورمانی هەندێک لەوانەی ڕووی قسەم لەوان بوو داکشا. هەندێکیان هێشتان هەر خەریکی لاقرتی و گاڵتەپێکردن بوون، هەندێکیشیان  وایان نەدەکرد، بەڵام وا دەرکەوت گروپێکی بچووکی پێشەنگیان خەریک بوون خۆیان ڕادەست دەکرد. کاتێک وەڵامی پەنجا یان سەتەم پرسیارم داوە، ئەوانەی ئەولا کەوتنە سەر ئەژنۆ و بە دەنگێکی بەرز ڕایانگەیاند:
ـ ئەمە خۆیەتی! ئەمە مارکسە! دیالێکتیسیەنەکە گەڕاوەتەوە!
ئەوان کڕنووشیان بۆ بردم هاوشێوەی ئەوەی لەبەرانبەر بتێک دەیکەن. ئەم شتە بە تەواوەتیی گاڵتەجاڕانە بوو و، بە هەزار سەرئێشە پاڵم پێوەنان. ئەوانی تر لاساییانیان کردەوە و بە خێرایی بوون بە سی کەسێک کە هەوڵیان دا پێیەکانم ماچ بکەن، وەک بڵێی من مەسیح بم و زیندوو بووبێتمەوە!

ـ دەیانقیڕاند، باسی سۆسیالیزممان بۆ بکە! پێمان بڵێ شۆڕش چۆن بەڕێوەدەبرێت! چۆن پرسە دنیاییەکان چارە دەکرێن! باسی ماتریاڵیزممان بۆ بکە!

دڵەڕاوکێ دایگرتبووم. تەنانەت ئەگەر دڵنشینیش بووبێت، ئەوا سەرپاکی ئەم پیرۆزاندنە پڕوپووچ بوو. بە نیگایەکی نیگەرانەوە لە گەنجە کەچەڵەکەم ڕوانی و تکام لێ کرد بڕوات بە شوێن کاپتندا. سەرێکی لەقاند و بە خێرایی ڕۆیشت. خۆم باشتر کرد بۆ ئەوەی بەر ئەم هێرشە هیستریائامێزەی لایەنگرانم بگرم. ئینجا ئاهێکی ئیسراحەتم بەبەردا هاتەوە کاتێک بینیم کابرا لەگەڵ پیاوێک هاتەوە کە بە چواردەوری باڵایدا جلێکی زێڕینی سەرنجڕاکێشی لێ هەڵدوورابوو.

ـ چی قەوماوە لێرە؟ ئەمەی بە ئینگلیزییەکی زۆر باش وت.

ـ گەنجە یۆنانییەکان قیڕاندیان و بە پەنجەی دەست ئاماژەیان بۆ کردم، کاپتن، ئەوە مارکسە.

کاپتن بە چاوێکی گوماناوی هەڵیسەنگاندم و داوای لێ کردم خۆم بناسێنم. ناوی خۆم پێ وت، ئامۆژگاری کردم ڕیشم بتاشم، چونکە ئەم ڕیشە دەتوانێت یەکێ بێت لە فێڵەکانیی ئەم یارییە.

ـ پیشەت چییە؟

ـ فەیلەسووف.

ـ شوێن و ساڵی لەدایکبوون؟

ـ ترێڤ، ١٨١٨.

ـ تۆ قەشمەریم پێ دەکەی؟

ـ هەرگیز.

ـ تۆ تەمەنت سەت و بیست و حەوت ساڵە، بەوپەڕی ساردی و ئارامییەوە ئەمەی وت.

ـ ببوورە؟

ـ بۆی ڕوونکردبوومەوە کە ئێمە لە ساڵی ١٩٤٥دایین. ڕێک لە ٢٣ی مانگی دوانزەدایین. من سەرگێژەم هەبوو. ئینجا سەرگێژەکەم زیاتر بوو کاتێک زانیم ئێمە لە سەفەری دەریایین لەسەر ماتاروا، کەشتییەک کە پێنج سەت هەنگاو درێژە، مەکینەی سووتەمەنی و خێراییەکەی پانزە گرێی ئەوەندەی کەشتییە جەنگییەکانی دەریایە و لە ١٩٢٢ لە بێلفاست ئەم ناوەی لێنراوە.

ئەو ئیشەکەی خۆی لە پەیوەست لەگەڵ ساوتهامپتۆن ـ ویڵگنتۆن دەست پێ کردبوو، پاشان نووسینگەیەکی گواستنەوەی سەربازەکانی لە ماوەی جەنگدا دروست کردبوو.

ـ کام جەنگ؟

هەرگیز نەدەبوو ئەو شتانەی وا لەو ڕۆژەی لەسەر پاپۆڕی ماتاروا بۆیان گێڕامەوە لەبیر بکەم، تەنانەت ئەگەر دواتریش لە سەر ئەم شتانە لەگەڵ کەسیش قسەم نەکردایە. ئەوە مۆتەکەئاسا بوو. بە قسەکانیرا دەرکەوت ئەنتەرناسیۆنال [ئەنجوومەنی نێودەوڵەتیی کرێکاران]، کە من لە ساڵی ١٨٦٤ دامەزراندبوو، پێنج ساڵە هەڵوەشاوەتەوە. دووانی تر بوونەتە جێگرەوەی. لە ڕووسیا، شۆڕشگێڕە شەڕەنگێزەکان بوونەتە پسپۆڕی تیۆرییەکانی من و تێزاریان لە پێناو دامەزراندنی سۆسیالیزمدا کوشتووە.
شۆڕش لە ڕووسیا؟ بەڵام ئەمە پووچییە، بڕوانن، شۆڕش تەنیا لە وڵاتێکی سەرمایەداریدا هەڵدەگیرسێت!
ـ بە دڵنیاوە هەموو شتێک ڕێک بەو شێوە ڕوونەداوە کە تۆ پێشبینیت بۆ کردبوو. وادیارە بیرمەندە بلیمەتەکان شتی تریان بۆ سەر پەڕتووکەکانی من زیادکردبوو، کە تێیدا پاساوی ئەوەیان هێنابێتەوە نەک تەنها ئەگەری بەدیهێنانی سۆسیالیزم لەنێو وڵاتێکی ناپیشەسازی وەک ڕووسیادا بوونی هەبووە، هەروەها پاساویشیان بۆ ئەنجامدانی شۆڕش لەو وڵاتەدا هێناوەتەوە، بەبێ ئەوەی شۆڕشێکی جیهانیش بێت، کە ئەمەش کارێکی نادرووست بوو... ڕووسەکان خۆیان بە شێوەیەکی ئاشکرا زۆر ڕوون نین لە سەر تیۆریی و ڕابەرە شۆڕشگێڕەکانیان لە ململانێیاندا لە پێناو دەستکەوتنی خەڵاتی ڕەسانەیەتیی مارکسیست، لێکترازان. لە هەمان کاتدا ساڵی ١٩٣٠ قەیرانێکی مەزنی دارایی لە دنیای سەرمایەداریدا ڕوویدا، ئەوەی وا شەڕێکی ترسناکی لێکەوتەوە، ئەوەی وا نزیکەی پێنج ساڵی خایاند. یۆنان بە وێرانی لەم شەڕە هاتە دەر، ئەڵمانیا بووە بەکرێگیراوی نەخۆشێکی دەروونی کە هەوڵیدا جوولەکەکان بسڕێتەوە و بە سەر جیهاندا سەرکەوێت. من حەپەسابووم.
ـ ئەڵمانییەکان *Das theoretischste Volk*[2] !
چیتر نەمدەتوانی لەوە زیاتر بەرگە بگرم، داوام لە نێردراوەکانی داهاتوو کرد دەست لە باسە قێزەونانەیان هەڵگرن. ئەم ترسانە دڵگرانیان کردم، بۆیە داوای ڕوخسەتم لە کاپتن کردبوو بۆ ئەوەی بڕۆم ڕاکشێم. ئەو ڕازی بوو و داوای لە یۆنانییە کەچەڵەکە کرد تاوەکوو بمبات بۆ کابینەکەی خۆی. ستایشکەرەکانم بە گرووپ تا لای دەرگاکە لەدووم هاتن، چرپەچرپیان بوو، هاوکات ئارەزووی چاکبوونەوەی خێرایان دەخواست. گەنجەکە لە

[2][ئەڵمانییەکان خەڵکانی زۆر تیۆریی.]

کابینەکەیدا شوێنی دوو سەرنشینی هاوتەمەنی خۆی کردبووەوە، کە بۆ پشوودان لەگەڵ من هاتنە ژووری. ئەو ناوی کۆرنێلیۆس[٣] بوو، دوو هاوڕێکەشی ناویان کۆستاس[٤] بوو.

ـ هەردووکتان ناوتان کۆستاسە؟

ـ بەڵێ.

ـ سەیرە.

لەسەر چرپایەکی سەربازی ڕاکشام، هاوشێوەی ئەوەی کە چەند کاتژمێرێک پێش ئێستا لەسەری لەخەو هەستابووم و تەندرووستیم بە زوویی بەرەو باشی ڕۆیشت. ئارامی کابینەکە توندوتیژ بوو، شتێک کە نەدەبوو هەرگیز سەر لە هاوڕێکانم بشێوێنێ. گفتوگۆ دەستی پێ کرد. وەک ئەقڵگەرایەکی باش، قەناعەتیان پێ کردم کە ناتوانن بڕوا بەوە بهێنن من کارڵ مارکسی ڕاستەقینەم. ئەوان ستایشی ئەو لێکچوونەیان دەکرد و دەیانوت ناوازەیە. من خۆیشم بڕوام بەو شتانە نەدەهێنا کە بەسەرم هاتبوو، بۆیە داوم لێ نەکردن بڕوام پێ بکەن. بۆ تێپەڕینی کات، کۆستاسە گەورەکەیان وتی با یاری کۆنکەن بکەین. ئەوی تریان یەکسەر کارتەکانی دەرکرد و بوتڵێک عارەقی ڕاکی لوولە باریکیشی لە جانتاکەی دەرهێنا کە بە نۆرە فرمان دەکرد.

ـ ئێوە دەتوانن چۆڕی لێ ببڕن، دووانی تر لە جانتاکەمە.

ـ ئەو کارەتەکانی دابەش کرد و ئێمەش دەستمان کرد بە کۆنکەن. چونکە بیرە چەوتەکان لە مێشکمدا نەڕەوییوونەوە، مەی جەستەمی گەرم داگەڕاندبوو. هەمووان سەرقاڵی یاری بوون، باسی فەلسەفە و کردەی شۆڕشگێریمان دەکرد، دوو بوار کە ئەوان زۆر ئیشیان تێدا کردبوو. گفتوگۆکە بەرەو هێگڵ و دیالێکتیک ڕۆیی، دواتر لەسەر فۆیەرباخ. ئەم گەنجانە زۆر زیرەکانە گفتوگۆیان دەکرد، بە شێوەیەکی زانایانە بۆچوونیان

---

**[٣]Cornelius Castoriadisکۆرنیلیۆس کاستۆریادیس فەیلەسووف و ئابووریناس و دەروونشیکاری یۆنانی و دامەزرێنەری گرووپی سوسیالیزم یان بەربەریەت.**

[٤](1925-1981)Kostas Papaïoannou فەیلەسووف و مێژوونووسی هونەری فەرەنسایی بە ڕەگەز یۆنانییە. و پسپۆڕی بەرهەمەکانی هیگل و مارکسە و بە گشتیی مارکسیزمە. لە ساڵی ١٩٤١ دا پەیوەندیی کرد بە گرووپی بەرەنگاریی یۆنان دژ بە نازیی و لە سالی ١٩٤٥ وڵاتەکەی خۆی بە جێهێشت لە گەڵ هەر دوو گەنجی ڕۆشنبیری کۆستاس ئاکسێلۆس کە لەم چیرۆکەدا باسی لێدەکریت کە ئەویش هاوکات یۆنانییە و فەیلەسووفێکە کە بە فرەنسی دەنووسێت و پسپۆرییەکەی هیراکلیتە و کەسێکی مارکسیە و کۆرنۆلیوس کاستوریادیس کە باسمان کرد لە پەراوێزەکەی تر. لە ساڵی ١٩٥٠ دا لە فرەنسا نیشتەجێ بوو.

لەمەڕ تێکستە مەزنەکان دەردەبڕی، پێشبینیی داهاتوویەکی درەوشاوەم بۆ دەکردن.
ـ لە فەڕەنسا تێزێک دەنووسی، وایە؟
ـ وایە.
ـ دڵنیام زۆر قووڵ ڕۆدەچیتە نێوییەوە.
هەروەها گفتۆگۆمان لە سەر کانت کرد، لە سەر باکۆنین، سەندیکاکارانی ئینگلیز لە سەردەمی من و ئەواندا، یۆنانی کۆن و پرۆلیتاریا. کۆستاس دوو بوتڵەکەی تری شکاند و منیش خۆم پێنەگیرا باسی هەندێک نوکتەی خۆشیان بۆ بگێڕمەوە کە لەسەر مێزی کافتریاکانی لەندەن بیستبووم. ئارەقە ڕاکییەکە قورگی دەبڕی، بەڵام زمانی دەپژاند. نەمزانیبوو چەند قوم مەیم لەماوەی ئەو کاتژمێرانەی لەنێو کابینە بچووکەکەی ماتاروادا بووین هەڵقووڕاند: ئەوە دەزانم کە پاش بیست و چوار جار دۆڕاندن و سەرخۆشبوون چەپەوڕوو، لەسەر تەختە سەربازییەکە ڕاکشاوم و چوومە نێو خەوێکی قووڵەوە.
**ئەنجام**
کارڵ مارکس لە ١٧ی مەی ١٨٦٥ بە خوماریيەکی تایبەت لەسەر نوێنەکەی لە لەندەن لە خەو هەستا. دەبوو ئەو نەیتوانیبێ باسی حاڵەتەکەی بۆ کەسە نزیکەکانی بکات، ئینجا هاوکات لەگەڵ گرنگیدانی بۆ ئەم بابەتەش، بیری چووبوو خەونەکەی بنووسێتەوە. ئەو سەرقاڵی ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم بوو[ئەنجومەنی نێودەوڵەتیی کرێکاران]، بەرگی یەکەم کتێبی سەرمایەی بڵاو کردبووەوە، هەروەها چەند پەڕتووکێکی جیاوازی تریش، لە ساڵی ١٨٨٣ مردبوو.
ڕاستییەکەی ماتاروا سەفەری بە کەسانێک کردبوو و ئێمە وەک سەردەمێکی نادیار باسمان کرد، خوێندکارە یۆنانییەکانی ئەوی لە یۆنانەوە بەرەو ئیتاڵیا هەڵگرتبوو و سەرلەنوێ ئیشەکەی لەسەر دەریاکانی جیهان دەست پێ کردەوە. کەشتییەکە لە ساڵی ١٩٥٦ لە سەفەرەکەی خۆی ڕاوەستا. زەنگی کەشتییەکە ئەمرۆ لە کاتی پشووی خوێندکاران لە خوێندنگە لە شاری ماتاروا لە نیوزلاند لێ دەدەرێت.
کۆستاس (ئەکسیلۆس)، کورنیلیۆس، و کۆستا (پاپایۆنیۆ) لە ٢٢ی دێسەمبەری ١٩٤٥دا لە بەندەری پیرێ بە دەستکەوتنی زەمالەیەکی خوێندن لە خوێندنگەیەکی فەڕەنسی لە ئەسینا بەڕێ کەوتن و لە ١٩٤٦ گەیشتنە پاریس. ئەوان بوون بە بیرمەندە گرنگەکانی نیوەی دووەمی ئەم سەتەیە. کۆستا ئەکسیلۆس گفتوگۆی تێزێکی دکتۆرای کرد بە ناونیشانی مارکس بیرمەندی تەکنیک، هەروەها بووە ئەندامی دامەزێنەری گۆڤاری ئەرگۆمێنت،

لۆکاچی وەرگێڕا و ژمارەیەک پەڕتووکی زۆری فەلسەفی بڵاو کردەوە. ئەو هێشتا لە پاریس دەژی.

کۆستاس پاپایۆنیۆ هەڵبژاردەیەکی کلاسیکی بە ناونیشانی مارکس و مارکسیستەکان بڵاو کردەوە، هەجوونامەیەکیش بە ناونیشانی ئایدۆلۆژی سارد، هەروەها ژمارەیەک لێکۆڵینەوە دەربارەی مارکسیزم و هیگڵ و فارت بیزانتین، هەروەها ئەو یەکێکە لە پسپۆڕە مەزنەکانی ئەم بوارە. لە ساڵی ١٩٨١دا مرد.

کۆرنێلیۆس دەستی کردە نووسینی تێزێک لە زانکۆی سۆربۆن، بەڵام هەر زوو بە خێرایی تووشی کردەی شۆڕشگێرانە هات. گۆڤاری سوسیالیزم یان بەربەریەتیی لەگەڵ کلۆد لیفۆرت دامەزرارند، کە لەوێ بە شێوەیەکی بەردەوام ڕەخنەی لە ستالینیزم دەگرت و لە هەوڵی تیۆرییەکی ڕەسەنی سۆسیالیزمدا دابوو. لە ماوەی ساڵانی شەستدا نێوانی لەگەڵ مارکسیزم نەما و پاش ئەمە خۆی تەرخان کرد بۆ فەلسەفە و دەروونشیکاریی. لە ساڵی ١٩٩٧ لە پاریس مرد.

**سەرچاوە:**

**BERNARD QUIRINY**, ***L'ANGOISSE DE LA PREMIÈRE PHRASE***, Éditions Phébus. Paris. 2005.

تێبینی : ئەم چیرۆکە لە ژمارە حەوتی گۆڤاری ئیلیان بڵاوکراوەتەوە.